# بمبەخشە بە بوومەلەرزە لە بەر خاتری سەوزبوونی چڵێ گیا

## خوێندنەوەیەکی سەرەتایی لە مەڕ "سێوی سوور" ی هیوا قادر

ئەحمەدی مەلا

سەرەتاکانی شیعر، یا راستر، سەرەتای شاعیر مومکین نییە خۆی لە دونیای هەست لا تەریک بگرێت. بە بێ ئەم ئەزموونەش، ئەزموونی خودی شیعرنووسین پووچ دەبێتەوە و دەبێتە تەجرەبەی نووسینەوە و دووپاتکردنەوەی نووسینەوەیەکی زیهنی رووت ؛ چونکو نووسین بە بێ ئەزموون واتە لاسایی کردنەوە، لاسایی کردنەوەش هەمیشە و بێوچان دەمامکی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات. ئەگەر تەماشای مێژووی نووسینی شیعرەکانی هیوا قادریش نەکەین دەزانین کە ئەم شیعرانە، هەر لە سەرەتاوە دەیانەوێ ببنە شیعری ژیان و شاعیریش دەیەوێ جەخت لە سەر ئەم خاڵە بکات.

ئەم جەختکردنەش تەواو پارساوی خۆی هەیە و بە تایبەتیش لە نێو ئەدەبییاتی کوردی دا کە ئەدەب نەک تەنها وەکو ئاوێنەی کۆمەڵ مامەڵەی لە گەڵ کراوە، بەڵکو هەر شاعیرە و لە خاچی شەخسی خۆی گەڕاوە و دڵخۆشیش بووە بە دۆزینەوە و هەڵگرتنی. هەڵبەتە ئەم هاوکێشەیە باگراوەند و زەمینەی خۆی هەیە بۆ ئەوەی ئەم بیرکردنەوەیە سەرهەڵبدا و گەشە بکات و هیترانیش دڵخۆش بن بە جوودی.

ئەزموونی هیوا قادریش رەنگبێ سەرەتاکانی لە جیهانی منداڵییەوە سەریهەڵدابێ، بەڵام بۆ ئەوەی نووسینیەوەی شیعری وا لە سەر رووپەلی کاغەز سەقامگیر بێت، پێویستمان بە خەملاندن و گوازتنەوە و ئامادەکردنی رەگەز و توخمە دوور لە یەکەکان هەیە.

توخمە کاڵەکانی سروشت و تەئەمولاتێکی ژیرانەش بۆ ئەم توخمانە و تا رادەیەکی تەواویش تێکەڵبوونیشی لە نێو لۆچەکانی ئەم سروشتە وا لە نووسەر دەکات کە بە بێ ترس شیعر بنووسێت. ئەگەر لە قەبرغەی هەندێ دەق چۆڕاوکەی ئازارێکی رۆمانسی شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام پێی دەچێ شاعیر هۆشیار بێت بەرامبەر ئەم خاڵە. ئەمەش بەشێکی پەیوەستە بە کەلەپوورێکی پانوپۆڕ کە پەپوولە سەمبۆلە هەرە

زەقەکانێتی.
هونەری شیعرنووسین لە لای هیوا قادر زیاتر لە سەر بناغەی کۆلاژ بەندە وەک لە ساختمان و بنەماگریی. ئەم شێوە نووسینە جۆرە مەلحەمەیەکی بێ پاڵاوانە و لێرەوە دەبێتە شیعریی هەمووان. شاعیر نەیویستووە بەرگریی لە هیچ شتێک بکات تەنها لەوە نەبێت کە بۆچوونێکی ئینتیباعانەی تەسویری تێپەڕێنێ کە پەنجا ساڵ زیاترە شیعریی کوردیی خۆی پێوە هەڵواسیوە و لە جیاتی ئەوەی لە گەڵ شتەکان دا بژێت، بۆمانی تۆمار دەکات. شیعریی هیوا قادر بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئیش دەکات، ئەم جۆرە نووسینەش وامان لێدەکات کە هەندەی دیکە ژیان قبووڵ بکەین و توێژەکانی هەڵبدەینەوە و بە چاوێکی نوێوە سەیری جیهان بکەین. لە هەندی شوێن تامێکی سپهرەییانە بە ژێر مەڵاشوومانەوە بەجێدەمێنێ بەڵام بێ ئەوەی سەغڵەتمان بکات. ئەم تامەش تامی وەچەیەکی شاعیرانی لای خۆمانە کە هەستیان بەوە کرد کە کەش و ئاووهەوای خۆماڵی تا رادەیەکی تەواو خنکێنەرە!
ئەگەر شیعر تەنها لە وشە پێکهاتبێ، بەڵام کۆکرنەوەی ئەم وشانە سەلیقەی ئەلشیمستێکی دەوێ بۆ ئەوەی کاتێ " چەمەکان پێدەکەنن... زیخی بنیان ببریسکێتەوە". نە "چەم" وشەیەکی هەند غەریبە کە کوردزمانێک بە خەیاڵیا نەیەت، نە "زیخ"یش وشەیەکی قەبەو عاسییە، بەڵام وێنەکە تایبەتە، واتە شاعیرانەیە.
جا "سێوی سوور" تەعبیرێکی حەشەرییانەیە لە بۆ ژیان، سووتان و هەڵکرووزانەوە نییە بەرامبەر گوناە و داوە تێکچڕژاوەکانی، بەڵکو جۆرە داوەتکردنێکە بەرەو سفرەی ژیان و گوزەرێک و سەفەرێکی تەواوە. لە پەنجەرەوە وەکو پەناهەندەیەکی زیزبوو لە هەموو شتێ سەیری دەرەوە ناکات، بە پێچەوانەوە دە ڕوا و گوزەر دەکات، ئەگەریش هەندێ جار ئاوریش بداتەوە، دەیەوێ ئەوەمان لە لا بدرکێنێ کە نایەوێ ئاوڕ بداتەوە.
توخمەکانی با و خۆڵ و ئاو و مێوە حەرامەکان شاعیر بانگهێش دەکەن. هەموو ئەم توخمانە لە سەر شریتێکی سینەمایی دەبینرێن. یەک بانگاشەی ئەویتر دەکات بە بێ ئەوەی پەیوەندییەکی دەرەکی و زەق لە نێوانیان هەبێت، ئەوەی هەست بەم جۆرە نووسینانە نەکات وا دەزانێت وشەن و لە پاڵ وشە داندراون!!

"قاچ دەخەمە ناو جۆگەلەیەک لە پەیڤ، لە هیلاکیدا؛
ئاوی چاوی قرژاڵێک دەخۆمەوە، لە تونێتیدا ؛
ئارامی دەنگی بۆقێک لە مانگەشەودا، ئەدزم."

شیعر و فیکر جمکانەی دۆست , دووژمنن. ئەم وێنەیەی سەرەوە لە گوناه خۆی پاقژ کردۆتەوە . چ گەمەیەکی شاعیرانەی رووتە و لە هەموو بیرکردنەوەیەکی پەتی خۆی تەکاندووە! وشە و هەر توخمێکی دیکەی ژیان تا رادەیەک هاوشان دەوەستن. شتەکان دەگەڕێنەوە دۆخی سەرەتاییان، واتە دۆخی شیعریی.